# وڵامێك بۆ كاك كه ریمی كاكه سوری

پێشه نگ

یه كێك له هه ڵوێسته هه ره باشه كانی حیزبی دێموكرات، به شایه تی هه موو خه ڵكی ناوچه كانی مه هاباد، ده ركردنی جه نابت بوو. ئا خر تۆ بۆ خۆت باش ده زانی؛ ناوبانگت به دیل كوشتن و دیل...، بڕینی گوێی ته رمه كانیان و ئه شكه نجه و ئازاری خه ڵكی سڤیلی په یدا كردبوو. ئه وه ی كه تۆ به ناوی رۆحی شۆڕشگێڕیت یادی ده كه ی؛ ساڵانێك به ر له ئێستا بۆ هه ژاران و جوتیارانی ناوچه ی موكوریان روون بۆته وه. ئاخر ده زانی تۆ به ئازار و لێدانی ئه وان بووی به كه ریم خاڵداری به ناوبانگ!! ئاخر ده زانی ئێستاش حیزبی دێموكرات ده بێ ئاكامی ئاكاره جوانه كانی ئێوه بشواته وه. ئێستا كه ره خنه له شه ڕی كۆمه ڵه و دێموكڕات ده گری؛ ده ڵێی له بیرت چۆته وه كه زه مانێك خۆت به قاره مانی ئه و شه ڕانه ده زانی؟! خۆشحاڵم كه دوای ساڵانێك كوردانی ئه وروپا نشین فێری چه وتی شه ڕی كورد كوژیان كردوویت.

به ناوه رۆكی نامه كه ڕا وا دیاره كومیته ی ئه و حیزبه له هۆڵه ندا داوایان لێكردووی كه ببیته وه به ئه ندام. نازانم ئه وه هه ڵوێستی ئه و حیزبه بووه یان بێ پره نسیپی ئه و كومیته یه؟ له هه مان كاتدا ئه و دوو ئه گه ره ش هه یه كه ؛ ئه ندامانی ئه و كومیته یه شاره زای رابردووی جه نابت نه بووبن یا خود هه ر له بنه ڕه ته وه باسه كه بنه مای راستی نه بووبێ. به ڵام ئه گه ر راست بێ له كاتێك دا به سه دان ئه ندامی خۆش نێوی ئه و حیزبه نه ك ده ر نه كراون به ڵكوو به شێوه یه ك دڵیان هێشاوه و حیزبیش به و په ڕی له خۆبایی بوونه وه هه ر ئاوڕیشیان لێ ناداته وه، گه ڵۆ ده بێ چ پێویستییه ك وای كردبێ تا ئه و حیزبه باوه ش بۆ ده ركراوان و تاوانباران بكاته وه؟
به هه ڵوێستی رێبه رایه تی شۆڕشگێر مه نازه كه له كاتی پێویست دا ئاوریان لێ دایه وه. ده زانی له مێژه ئه وه م بۆ ده ركه وتووه؛ ئه وه ی ئاوڕ له تۆ بداته وه به جۆرێك مه به ستی به ربه ره كانی كردن له گه ڵ ئه و لایه ی حیزبه كه بووه. ئێستاش له بیرمه كاتێك كه له سه ر شاشه ی مید و میدیا ده رده كه وتی، خه ڵك له و ته له ڤزیۆنه به گومان ده بوون.
رێبه رایه تی شۆڕشگێر زۆر باش تۆیان ده ناسی، به ڵام پێویستیان پێت بوو؛ هه تا به خه ڵك بڵێن كۆنه پێشمه رگه كان هه موویان له گه ڵ ئێمه دان. نه تدیت

کاتێك كه گه ڕانه وه چه ند به سانايی وازيان لیٚ هێنای. ئاخر بۆ ئه وانيش ئێكسپاير ببوويه وه.

تۆ بۆيه هێنده پیٚ له سه ر گه ڕانه وه بۆ ناو ئه و حيزبه داده گری ؛تا بتوانی رابردووی تاريكی خۆتی پیٚ سپی بكه يته وه.

ئه گه ر رۆژێك له رۆژ هه ڵاتی كوردوستان دادگايه كی ماف وه رگر له سايه ی ده سه ڵاتێكی دێموكراته وه له دايك بیٚ؛ تۆ يه كێك له تاوانبارانی شه ڕی. بێگومان جوتيارانی موكوريان كۆمه ڵ ،كۆمه ڵ شايه تيت له سه ر ده ده ن.

www.kurdistannet.org